بسم الله الرحمن الرحيم

# وەقایعی کوردستان

رۆژنامەی رەسمیی حکومەتی هەرێمی کوردستانە / وەزارەتی داد دەری دەکات

ژمارە (٣٠) سالی سێیەم ٢٠٠٢/٥/٢٨ زاینی (٧)ی جۆزەردان ٢٧٠٢ کوردی (١٦) ربیع الاول ١٤٢٣ی کۆچی

## لەم ژمارەیەدا :

30


- یاسای ژمارە (٧)ی سالی ٢٠٠٢ ل٢
  دووەم هەموارکردنی یاسای ژمارە (١٧)ی سالی ١٩٩٣ی حزبەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق
- یاسای ژمارە (٨)ی سالی ٢٠٠٢ ل٦
  یەکەم هەموارکردنی یاسای ژمارە (١٠)ی سالی ١٩٩٣ی چاپەمەنییەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق
- بریاری ژمارە (٤) سالی ٢٠٠٢ ل٩
  پێدانی دەسەلاتی سەرپەرشتی کردنی ئەو مزگەوتانەی لەسەر زەوی حکومەتی هەرێمی کوردستان دروست دەکرێن


ئەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی کوردستان
www.mojkurdistan.com

www.geocities.com/dad_kurdistan
e.mail: waqaea@yahoo.com

2230351,2230352,2230353,2222512

بسم الله الرحمن الرحيم

# وقائع كوردستان

الجريـــدة الرســمية لحكــومة أقليم كوردســتان العــراق – تصــدرها وزارة العــدل

العــدد (٣٠)    الســنة الثالثة    ٢٨/٥/ ٢٠٠٢م    (٧) جۆزەردان ٢٧٠٢ ك    (١٦) ربيع الأول ١٤٢٣ هـ

## في هذا العـدد

قــانـــون رقـــم (٧) لســـنة ٢٠٠٢ ص١٠
التعديل الثاني لقانون الأحزاب لأقليم كوردستان العراق المرقم (١٧) لسنة ١٩٩٣

قــانـــون رقـــم (٨) لســـنة ٢٠٠٢ ص١٣
التعديل الأول لقانون المطبوعات لأقليم كوردستان العراق المرقم (١٠) لسنة ١٩٩٣

قــرار رقـــم (٤) لســـنة ٢٠٠٢ ص١٥
منــح صـلاحـيـات الأشــراف عـلـى الجوامــع الـتـي تـبـنى على أراضي حـكـومـة أقليم كــوردسـتـان الـعــراق

ئــــەرشيفى ڕۆژنامەى وەقايعى كـــــــوردستان
www.mojkurdistan.com

www.geocities.com/dad_kurdistan
e.mail: waqaea@yahoo.com

سعر النسخة (٥) دنانير    البدالة/ 2220512,2230351,2230352,2230353

**بە نــاوی خــوای بەخشــندەو میهرەبــان**
**بە نــاوی گەلـــەوە**
**ئە نجـومەنی نیشتمانیی كوردســـتان ـ عێـراق**
**ژمارەی دەرهێــنـــان : ٧**
**ڕۆژی دەرهێــنـــان : ٢٠٠٢/٥/٨**

پشت بە حوكمەكانی بڕگـە (١)ی مـاددەی (٥٦) و مـاددەی (٥٣) لـە یاسـای ژمـارە (١)ی هـەمواركراوی سـاڵی (١٩٩٢)و ، لەسـەر داوای وەزیـری نـاوخۆ و ڕەزامەنـدیی ئەنجومـەنی وەزیران و ئەو یاساكارییەش كە ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق و لـە دانیـشتنی ئاسایی ژمارە (١٤)ی ڕۆژی (٢٠٠٢/٥/٧) یـدا ئەنجامی داوە و ، بە پێـی ئـەو دەسـەڵاتەش كە بڕگە (٣)ی ماددەی دووەمی یاسای ژمـارە (١٠)ی سـاڵی ١٩٩٧ پێمـانی داوە ، بڕیـاری دەرهێنانی ئەم یاسایەی خوارەوەمان دا :

**یـاســـای ژمـــارە ( ٧ )ی ســـاڵـی ٢٠٠٢**
**یاســای دووەم هەمــواركــردنی یاســای ژمـــارە ( ١٧ )ی ساڵی ( ١٩٩٣ )ی**
**حـزبـەكـــانی هـەرێمی كـوردســتــانـی عێــراق**

**ماددەی یەكـەم :**

بڕگە (١)ی ماددەی دووەم هەمواردەكرێ و وەك ئەمەی خوارەوەی لێ دێت :

١. هــەر هاووڵاتیــەك لــە هاووڵاتیـانی هــەرێمی كوردســتانی عێـراق و دانیــشتووانی هەمیـشەیی ئــەم هەرێمــە ، ئەوانــەی كــە شەرتوشـروتیان تێـدا فەراهەمــە مــافی بەشداربوونی دامەزراندنی حزبگەلیان هەیە .

**ماددەی دووەم :**

ئەم بڕگەیـەی خـوارەوە بـۆ مـاددەی چـوارەم زیاددەكرێو زنجیرەكـەی دەبێتـە (٦) وەك ئەمەی خوارەوە :

٦. بـە مـەرجێ بەرنامـەو پێـڕۆ ناوخۆییەكـەی پێـچەوانەی پێـڕۆی گـشتی (النظـام العـام) نەبێت.

**ماددەی سێیەم :**

بڕگە (١)ی ماددەی شەشەم هەمواردەكرێ و وەك ئەمەی خوارەوەی لێ دێت :

ئـــەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی كـــوردستان
www.mojkurdistan.com

**يەکـەم :** داواکارييەکی نووسراو دەدرێت بە وەزيری ناوخۆ کە ئەندامانی دامەزرێنەر ئيمزايان کردبێ و لە (٥٠) پەنجا ئەندام کەمتر نەبن و خوێندنەوەو نووسـين بـە تـەواوی و بـە باشـی بـزانن و تەمـەنيان لـە (٢٥) سـاڵ کـەمتر نـەبێ و ، هاووڵاتيـانی دۆسـتيش (مـۆازرين) کـە ژمارەيان لە (٥٠٠) هاووڵاتی کەمتر نەبێ و زۆرينەيان خوێندنەوەو نووسين بە باشی بزانن و تەمەنيان لـە (١٨) سـاڵ کـەمتر نـەبێ و ، ئەنـدام و دۆسـتيش نـابێ بـە جينايـەتێ يـان بـە جونحەيـەکی ئابڕووبـەر حـوکم درابـن و ، ناشـبێ لـە جەرێمەگەلێکـدا بەشـداربووبن کـە دەسەڵاتی سەرکوتکار پيلانی لە کوردستاندا بۆ دانـابێ يـان ئـەنجامی دابـێ ، پێويستيـشە ئەهلييەتی ياساييشی هەبێ و لە گەڵ داواکردنی دامەزراندنەکەدا بەرنامەی حزبەکەو پێڕۆی ناوخۆيشی پێوەبێ .

**دووەم :** دەسەواژەی (هەر دۆستێکيش) بۆ بڕگە (٢)ی ماددەی شەشەم زياد دەکرێ .

**سێيەم :** بڕگەی (سێيەم) بۆ ماددەی شەشەم زياددەکرێ و دەبێتە بڕگەی (سـێيەم)ی و بـەم شێوەيەی خوارەوە دەخوێنرێتەوە :

(سێيەم) دەستەی دامەزرێنەر پێويستە هاووڵاتيگەلێکی تێدابێ بە نيشتمانپەروەر ناسـرابن و ، لە کوردستاندا بەشدارييەکی ئاشکرايان لە ژيانی سياسی و کۆمەڵايـەتی و رۆشـنبيريدا بووبێ ، قەناعەتێکی وەهای لێ بەدی بێ کە ئەوانە دەيانەوێ بـە دڵ هاوبەشـی لـە فرمـانی نيشتمانيدا بکەن و هاوبەشبوونی هاووڵاتيانيش لە ژيانی سياسی هەرێمدا لـە چوارچێوەی بەرنامەيەکی سياسيی تايبەتيدا رێك بخـەن ، تێبينـی جۆراوجـۆريی جـوغرافيی سـەکەن و کاری دامەزرێنەران و دۆستەکانيش دەکرێ .

**ماددەی چـوارەم :**

بڕگە (١) و بڕگەی (٤) لە ماددەی حەوتەم هەموار دەکرێن وەك ئەمەيان لێ دێت :

١. پێويـستە وەزيـری نـاوخۆ لـەوە دڵنيـابێ کـە داواکـاريی دامەزراندنەکـە ئـەو شـەرت و شروتانەی بەجێ هێناوە کە دەقەکانيان لە ماددەی شەشەمی ئەم ياسايەدا هـاتووەو ، لـە مـاوەی (٩٠) رۆژدا (کـە لـە رۆژی فەراهـەم بـوونی شـەرت و شـرووتی داواکـاريی دامەزراندنەکەوە دەست پێ دەکات) داواکارييەکە هەواڵەی ئەنجومەنی وەزيران بکات .

٤. لە حاڵەتێکدا داواکارييەکە لەو ماوەيەدا کە لـە بڕگـە (٣)ی سـەرەوەی ئـەم ماددەيـەدا ديارکراوە نەبڕێندرايەوەو ماوەکەش بەسەرچوو ، ئەوا دەستەکە بۆی هەيە داوکارييـەك بەکسەر پێشکەش بە ئەنجومەنی وەزيران بکات ، خۆ ئەگەر هـات و ماوەيـەکی هاوتـای

ئـــــــەرشيفی رۆژنامەی وەقايعی کــــــــوردستان
www.mojkurdistan.com

ئـەو ماوەيـەی لـە بڕگـە (١)ی ماددەكـەی سـەرەوەدا هـاتووە تێپـەڕی و داواكارييەكـە نەبڕێندرايەوە ، ئەوە ، لەم بارەدا داواكارييەكە بە حوكمی ياسا بە قبوڵكراو دادەنرێت.

**ماددەی پێنجــەم :**

ماددەی يازدە هەمواردەكرێ و وەك ئەمەی خوارەوەی لێ دێت :

پێويستە لەسەر حزبەكە هەر گۆڕينێك لـە پێڕۆی نـاوخۆی يـان بەرنامەكەيـدا بكرێـت ، لـە ماوەی (٣٠) سی رۆژدا (كە لە رۆژی گۆڕينەكەوە دەست پێ دەكات) ئەنجومەنی وەزيرانـی لێ ئاگادار بكات . ئەنجومەنی وەزيرانيش ئەگەر بۆی دەركەوت كە ئەو گۆڕينە دەبێتە هۆی لە دەست دانی مەبەستی نيشتمانپەروەريی دامەزراندنەكە يان خراپەی بۆ پێڕۆی گشتی و ئادابی گشتی لە هەرێمدا دەبێت ، ئەوە لەو بارەدا بۆی هەيە ئيجازەی حزبەكە بكێشێتەوە ، حزبەكـەش بـۆی هەيـە لـە مـاوەی پـازدە رۆژدا (كـە لـە رۆژی تەبليغەكـەوە دەسـت پـێ دەكات) لە دادگای تەمييزی هەرێم تانەی لێ بدات و بڕياری دادگايش بنبڕە .

**ماددەی شەشــەم :**

بڕگە (١) و بڕگەی (٦) لە مـاددەی سـيازدە هـەمواردەكرێن و وەك ئەمـەی خوارەوەيـان لێ دێت :

١. بـە موڵـك كردنـی وەسـيلەكانی راگەيانـدن بـۆ وەدی هێنـانی ئامانجـەكانی خـۆی . ئەنجومەنی وەزيرانيش بۆی هەيە بە شێوەيەكی رەفتەنی (مؤقتـة) ئـەو وەسـيلانەی لێ بـبڕێ . خـۆ ئەگـەر هـات و لـە مـەفهومی نيـشتمانی لای دا يـان دژ بـە رێنوێنييـەكانی ئەنجومەنی نيشتمانيی كوردستانی عێراق ڕەفتاری كـرد و پێويـست بـەوە كـرا كـە ئـەو وەسيلانەی بە شێوەيەكی بەردەوام لێ ببەسترێ ، ئەوە لەو بارەدا ئەنجومەنی وەزيران بۆی هەيە هەواڵەی دادگاكانی بكات .

٢. قبوڵكردنی ئەموالی عەينی و نەقدی لە هـەر لايـەنێكی دەرەوەی هـەرێم بـە ڕەزامەنـديی ئەنجومەنی وەزيران دەبێ .

**ماددەی حەوتەم :**

ماددەی چواردە هەمواردەكرێ و وەك ئەمەی خوارەوەی لێ دێت :

**يەكـەم** ــ ئەو دەسنگەيە (المنح)ی كە لە بوجەی هەرێمدا بۆ حزبـەكان دادەنـرێ ، بـە پێـی بەند و بەستێك (ضـوابط) كـە ئەنجومـەنی نيشتمانيی كوردسـتانی عێـراق بڕيـاری دەدات دابەش دەكرێ .

ئــــەرشيفی رۆژنامەی وەقايعی كـــــوردستان
www.mojkurdistan.com

**دووەم ــ** حزب خۆی ئەموالی خۆی هەڵدەسووڕێنیٚ لە بوجەیەکی ساڵانەوە کە بە پێی ئەو پێڕۆ موحاسبییە ڕێك دەخرێت کە دایەرە ڕەسمییەکانی هەرێم لەسەری دەڕۆن .

**سێیەم ــ** حساباتی حزب مل کەچ دەبیٚ بۆ ڕیقابەی دارایی لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا و، حزبیش پێویستە لەسەری هەر پارەیەکی لە دەرەوە هەبیٚ یان بیەویٚ لە دەرەوە بی هێنیٚ یان هەواڵە کردنی قبولٚ بکات دەسەڵاتە پەیوەندیدارەکانی لیٚ ئاگادار بکات .

**ماددەی هەشتــەم :**

ماددەی شازدە هەمواردەکریٚ و وەك ئەمەی خوارەوەی لیٚ دێت :

حزب بۆی هەیە بە پێی حوکمەکانی پێڕۆی ناوخۆی ، خۆی هەڵبوەشێنێتەوە و لە ماوەی ئەو پەڕی حەوت ڕۆژدا (کە لە ڕۆژی بڕیاردانی هەڵوەشاندنەوەکەوە دەست پیٚ دەکات) وەزارەتی ناوخۆی لیٚ ئاگادار بکات .

**ماددەی نۆیــەم :**

بڕگە (١)ی ماددەی حەڤدە هەمواردەکریٚ و وەك ئەمەی خوارەوەی لیٚ دێت :

١. دەشــیٚ بــە بڕیــارێکی دادگــایی کــە لــە دادگــای پەیوەندیــدارەوە دەرچــووبیٚ حــزب هەڵبوەشێندرێتەوە بە دەعوایەك کە وەزارەتی ناوخۆ لەسەری کردبێتییەوە لەسەر سەرپێچی کردنی حوکمیٚ لە حوکمەکانی ئەم یاسایە دوای تێپەڕبوونی شەش مانگ بەسەر دامەزراندنی حزبەکەدا بە بیٚ ئەوەی ئەو چالاکییانەی خۆی بخاتە کار کە دەقەکانیان لە پێڕۆی ناوخۆیدا هاتووە یان بە بیٚ هۆکاری بەجیٚ لەو ماوەیەدا لە چالاکیی خۆی بکەویٚ .

**ماددەی دەیەم :**

پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران حوکمەکانی ئەم یاسایە بخەنە بەرکار .

**ماددەی یازدەهەم :**

ئەم یاسایە لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی لە (وەقایعی کوردستان) دا ، دەخرێتە بەرکار .

**د. ڕۆژ نـوری شـاوەیس**

**سـەرۆکی ئەنجـومـەنی نیشـتمانیی کوردسـتانی ـ عێـراق**

ئــــەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی کــــوردستان
www.mojkurdistan.com

**بە نــاوی خــوای بەخشــندەو میهرەبــان**
**بە نــاوی گەلـــەوە**
**ئە نجـومەنی نیشتمانیی كوردســـتان ـ عێـراق**
**ژمارەی دەرهێــنـــان : ٨**
**رۆژی دەرهێــنـــان : ٢٠٠٢/٥/١٤**

پشت بە حوكمەكانی بڕگە (١)ی ماددەی (٥٦) و ماددەی (٥٣) لە یاسای ژمارە (١)ی هەمواركراوی ساڵی (١٩٩٢)و ، لەسەر داوای ژمارەی یاسایی لە ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق و ئەو یاساكارییەش كە ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە (١٥)ی رۆژی (٢٠٠٢/٥/١٣) یدا ئەنجامی داوە و ، بە پێی ئەو دەسەلاَتەش كە بڕگە (٣)ی ماددەی دووەمی یاسای ژمارە (١٠)ی ساڵی ١٩٩٧ پێمانی داوە ، بڕیاری دەرهێنانی ئەم یاسایەی خوارەوەمان دا :

**یاسای ژمــارە ( ٨ )ی ســاڵی ٢٠٠٢**
**یاسای یەكـەم هەمـواركـردنی یاسای ژمــارە ( ١٠ )ی سـاڵی ( ١٩٩٣ )ی**
**چاپـەمـەنییـەكـانی هـەرێمـی كـوردسـتـانی ــ عێـراق**

**ماددەی یەكـەم :**

**یەكـەم :** ماددەی شەشەمی یاساكە هەمواردەكرێ و وەك ئەمەی خوارەوە دەخوێنرێتەوە :

١. هەر چاپكراوێكی خولاوخول (الدوری) دوای ئیجازەپێدان و دەرچوونی یەكەم ژمارەی بە (قائم الوجود) لە قەڵەم دەدرێو ، ئەگەر خاوەن ئیمتیازەكەی ویستی وجودی نەهێڵێ ، ئەوە لەو بارەدا پێویستە لە سەری بە نووسین وەزارەتی لێ ئاگاداربكات و ، بە پێی یاسایش لەو رۆژەوەی كە داواكەی لە وەزارەت تۆماركراوە وجودی چاپەمەنیەكەی پووچەڵ كراوەتەوە .
٢. ئەگەر چاپكراوی خولاوخول لە ماوەی سێ مانگدا ((كە لە رۆژی ئیجازەپێدانەكەوەی دەست پێ دەكا) دەرنەچوو ، ئەوە لەو بارەدا (دوای ئینزاركردنی) ئیجازەكەی بە پووچەڵكراو لە قەڵەم دەدرێ.

ئـــــەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی كــــــوردستان
www.mojkurdistan.com

٣. حزبـە سياسـييەكان و كۆمەڵـەو ڕێكخـراوە جـەماوەرىو دەزگـا گـشتييەكان مـافى خۆيانـە خـاوەن ئيمتيـاز يـان سەرنووسـەرى چـاپكراوى خولاوخـولى خۆيـان بگـۆڕن و پێويستە لەو بارەدا وەزارەتى لىٚ ئاگادار بكەن .

٤. خـاوەن ئيمتيـاز مـافى خۆيـەتى لـە كـاتى زەرووردا سەرنووسـەرى چـاپكراوى خولاوخولى بگۆڕێو پێويستە وەزارەتى لىٚ ئاگادار بكات .

**ماددەى دووەم :**

ماددەى نۆيەمى ياساكە هەمواردەكرىٚ و وەك ئەمەى خوارەوە دەخوێنرێتەوە :

١. بلاْوكردنـەوەى گاڵـدانى(التحـريض) جەريمـەو رەفتـارى تـيرۆرو ڕەواج پێـدان و فەراهـەمكردنى رێگـاو مومكينـاتى جەريمـەو تـيرۆرو ، شـەڕەجوێن و تانـەو تەشـەر (التـشهير)ى دژ بـە ئەشـخاص و سـووكايەتى بـە حورمـەتى ديـن و مـەزەب و ئـاداب و پێڕۆى گشتى ، قەدەغەيە .

٢. دەسەلاْت دەدرىٚ بە وەزيرى رۆشنبيريى هەرێم كە ئينزار بدات بـە سەرنووسـەر يـان بە خاوەن ئيمتياز يان بە هـەردووكيان ئەگـەر سەرپێچى لـە حوكمـەكانى ئـەم ياسـايە بكـەن ، پێويستيـشە سەرنووسـەر ، هـەر دواى وەرگرتنـى ئينزارەكـە لـە جێگايـەكى بەرچاوى يەكەم ژمارەدا بلاْوى بكاتەوە .

**ماددەى سێيەم :**

ماددەى (١١) يازدە لە ياساكە هەمواردەكرىٚ و وەك ئەمەى خوارەوە دەخوێنرێتەوە :

١. ئەو دەعوا گشتييانەى كە لـە سەرپێچى كردنـى حوكمـەكانى ئـەم ياسايەوە پەيدا دەبن ، ئيددىعاى گـشتى دەيانكاتـەوە ، دواى ئـەوەى كـە لـە لايـەن وەزارەتـەوە لێـى ئاگادار دەكرىٚ ، بەلاْم ئەو دەعوايانەى تر كە لەوەوە پەيدا دەبن ، ئـەوە ، زەرەرمەنـد كىٚ بووبىٚ ، ئەو دەيكاتەوە .

٢. ئەو دەعوايانەى كە لە بڕگە (١)ى ئـەم ماددەيـەدا هـاتووە ، ئەگـەر لـە چـاپكراوەى خولاوخولدا شەش مانگ بەسەر بلاْوكردنەوەيدا تێپەڕيبىٚ ، يان لـە چـاپكراوەى غـەيرى خولاوخولدا كە دەست بە دابەشكردنى كرابىٚ ، ئەوانە دادگاكان گوێى نادەنىٚ .

**ماددەى چـوارەم :**

ئـــەرشيفى ڕۆژنامەى وەقايعى كـــوردستان

بڕگەيـەك بـۆ مـاددەى دوازدەى ياسـاكە زيـاددەكرىٚ و دەبێتـە بڕگـەى سێيەمى وە وەك ئەمەى خوارەوە دەخوێنرێتەوە :

www.mojkurdistan.com

ئەگەر هات و ، بە بڕیارێکی دادگایی ، بزاڤی حزبێکی سیاسی قەدەغـەکرا یـان بارەگاکـەی داخرا ، ئەوە لـەو بـارەدا حوکمـەکانی بڕیارەکـە هـەموو چاپەمەنییە خولاوخـول و غـەیرە خولاوخولەکانیشی دەگرێتەوەو ئیجازەی دەرچوونیان پووچەڵ دەکرێتەوە .

**ماددەی پێنجــەم :**

پێوییستە ئەنجومەنی وەزیران حوکمەکانی ئەم یاسایە بخەنە بەرکار .

**ماددەی شەشــەم :**

ئـەم یاسـایە لـە ڕۆژی بلأوکردنـەوەی لـە (ڕۆژنامـەی وەقـایعی کوردسـتان)دا ، دەخرێتـە بەرکار.

**د. ڕۆژ نــوری شــاوەیس**
**ســەرۆکی ئە نجـومـەنی نیشـتمانیی کوردسـتانی ـ عێـراق**

ئـــــەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی کـــــــوردستان
www.mojkurdistan.com

**بە نـاوی خـوای بەخشـندەو میهرەبـان**
**بە نـاوی گەلـــەوە**
**ئە نجـومەنی نیشتمانیی كوردســـتان ـ عێـراق**
**ژمارەی بـڕیــــار : ٤**
**رۆژی بـڕیــــار : ٢٠٠٢/٥/١٤**

**" بـڕیـــار "**

پشت بە حوكمەكانی برگە (١)ی ماددەی (٥٦) لە یاسای ژمارەی (١)ی هەمواركراوی ساڵی (١٩٩٢) و لەسەر داوای وەزیری ئەوقاف و كاروباری ئیسلامی و ڕەزامەندیی ئەنجومەنی وەزیران ، ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق لە دانیشتنی رۆژی (٢٠٠٢/٥/١٣) یدا ئەم بڕیارەی خوارەوەیدا :

**یەكـەم :** هەر كەسێ ، لەسەر زەوییەكی سەر بە حوكمەتی هەرێم جامعێ یان مزگەوتێ یان تەكیەیەك دروست بكات بە سەرپەرشت (مشرف) دادەمەزرێ و ، وەزارەتی ئەوقاف و كاروباری ئیسلامییش بەڕێوەبردنی كاروباری دارایی و ئیدارەكەشی دەگرێتە ئەستۆی خۆیو ، بە پێی ڕینماییەگەلێكیش كە وەزیری ئەوقاف و كاروباری ئیسلامی دەری دەهێنێ ماف و ئەركی سەرشانی سەرپەرشتەكە دیار دەكات .

**دووەم :** هەر دەقێ پێچەوانەی حوكمەكانی ئەم بڕیارە بێت ناخرێتە بەركار .

**سێیـەم :** پێویستە وەزیری ئەوقاف و كاروباری ئیسلامی حوكمەكانی ئەم بڕیارە بخاتە بەركار .

**چـوارەم :** ئەم بڕیارە لە رۆژی بلاْوكردنەوەی لە (وەقایعی كوردستان) دەخرێتە بەركار .

**د. رۆژ نـوری شـاوەیس**
**سـەرۆكی ئە نجـومـەنی نیشـتمانیی كوردسـتانی ـ عێـراق**

ئـــەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی كــــوردستان
www.mojkurdistan.com

**بسم الله الـرحمن الـرحيـم**
**بـأسـم الـشــعــب**
**المجلس الوطني لكوردستان ـ العراق**
**رقـم الأصــــدار : ٧**
**تـأريـخ الأصــــدار : ٢٠٠٢/٥/٨**

استناداً الى احكام الفقرة (١) من المادة (٥٦) و المادة (٥٣) من القانون رقم (١) لسنة ١٩٩٢ المعدل ، و بناءاً على ما عرضه وزير الداخلية ووافق عليه مجلس الوزراء ، وما شرعه المجلس الوطني لكوردستان ـ العراق بجلسته الأعتيادية المرقمة (١٤) و المنعقدة بتأريخ ٢٠٠٢/٥/٧ و للصلاحية المخولة لنا بموجب الفقرة (٣) من المادة الثانية من القانون رقم (١٠) لسنة ١٩٩٧ قررنا اصدار القانون الأتي :

## قـانـون رقـم (٧) لسـنـة ٢٠٠٢
## قـانـون التعـديـل الثـانـي لقانـون الأحـزاب
## لأقـليـم كـوردسـتـان العـراق رقـم (١٧) لسـنـة ١٩٩٣

**المادة الأولى :**

تعدل الفقرة (١) من المادة الثانية و تكون كالأتي :

١. لكل مواطن من مواطني اقليم كوردستان العراق و الساكنين فيه بصورة دائمية ممن تتوفر فيهم الشروط حق المشاركة في تأسيس الأحزاب .

**المادة الثانية :**

تضاف الفقرة التالية الى المادة الرابعة و يكون تسلسلها (٦) و كالأتي :

٦. أن لا يتعارض منهاجه و نظامه الداخلي مع النظام العام .

**المادة الثالثة :**

تعدل الفقرة (١) من المادة السادسة و تكون كالأتي :

**أولاً :** تقديم طلب تحريري الى وزارة الداخلية موقع من قبل أعضاء مؤسسين لا يقل عددهم عن (٥٠) عضواً يجيدون القراءة و الكتابة لا يقل عمر العضو عن (٢٥) سنة و مواطنين مؤزارين لا يقل عددهم عن (٥٠٠) مواطناً يجيد أكثرهم القراءة و الكتابة و لايقل عمر المؤازر عن (١٨) سنة و ان لايكون العضو و المؤازر محكوماً عليه بجناية أو جنحة مخلة بالشرف و

ئـــەرشـيـفـی رۆژنامەی وەقايعی كـــوردستان
www.mojkurdistan.com

لم يشارك في الجرائم التي خططت لها السلطة القمعية أو أرتكبتها في كوردستان و متمتعاً بالأهلية القانونية و يرفق بطلب التأسيس منهاج الحزب و نظامه الداخلي .

**ثانياً ـ** تضاف (وكل مؤازر) الى الفقرة (٢) من المادة السادسة .

**ثالثاً ـ** تضاف الفقرة (ثالثاً) الى المادة السادسة و تصبح الفقرة (ثالثاً) منها و تقرأ كما يلي:

(ثالثاً) ـ يجب أن تضم اهيأة المؤسسة مواطنين معروفين بوطنيتهم و من لهم مساهمات واضحة في الحياة السياسية و الأجتماعية و الثقافية في كوردستان يستشف منهم أرادة جدية للأشتراك في العمل الوطني و تنظيم مساهمة المواطنين في الحياة السياسية للأقليم في اطار برنامج سياسي خاص ، كما و يلاحظ التنوع الجغرافي للسكن و عمل المؤسسين و المؤازرين:

**المادة الرابعة :**

تعدل الفقرة (١) و الفقرة (٤) من المادة السابعة و تكونان كالأتي :

١. على وزير الداخلية التأكد من استيفاء طلب التأسيس للشروط القانونية المنصوص عليها في المادة السادسة من هذا القانون و احالة الطلب الى مجلس الوزراء خلال مدة (٩٠) تسعين يوماً من تأريخ استيفاء الطلب لشروط التأسيس .

٤. في حالة عدم البت في الطلب رغم مضي المدة المذكورة في الفقرة (٣) أعلاه من هذه المادة للهيئة تقديم طلب الى مجلس الوزراء مباشرة و في حالة عدم البت في الطلب و مضي ما يعادل المدة المذكورة في الفقرة (١) من المادة أعلاه يعتبر الطلب موافقاً عليه بحكم القانون .

**المادة الخامسة :**

تعدل المادة الحادية عشرة و تكون كالأتي :

على الحزب أعلام مجلس الوزراء بأي تغيير يطرأ على نظامه الداخلي او منهاجه خلا مدة ثلاثين يوماً من تأريخ حصول التغيير و لمجلس الوزراء سحب الأجازة من الحزب اذا ما ظهر أن التغيير يسبب فقدان الغرض الوطني من تأسيسه أو يسيء الى النظام العام و الأداب العامة في الأقليم و للحزب الطعن لدى محكمة التمييز لأقليم كوردستان العراق خلال خمسة عشر يوماً من تأريخ التبليغ و يكون قرار المحكمة باتاً .

**المادة السادسة :**

تعدل الفقرة (١) و الفقرة (٦) من المادة الثالثة عشرة و تكونان كالأتي :

ئەرشیفی وەزارەتی وەقایعی كوردستان
www.mojkurdistan.com

٥. امتلاك وسائل الأعلام لتحقيق أهدافه و لمجلس الوزراء حجب هذه الوسائل بصورة مؤقتة أو أحالتها الى المحاكم اذا أقتضى حجبها بصورة دائمة و ذلك اذا ما حاد عن المفهوم الوطني أو عادى توجهات المجلس الوطني لكوردستان ــ العراق .

٦. قبول اموال عينية أو نقدية من أية جهة خارج الأقليم بموافقة مجلس الوزراء .

**المادة السابعة :**

تعدل المادة الرابعة عشرة و تكون كالأتي :

**أولاً ـ** توزع المنح التي تخصص من ميزانية الأقليم للأحزاب وفق ضوابط يقررها المجلس الوطني لكوردستان ــ العراق .

**ثانياً ـ** يدير الحزب أمواله بنفسه من خلال موازنة سنوية يتم تنظيمها وفق النظام المحاسبي المعمول به لدى الدوائر الرسمية في الأقليم .

**ثالثاً ــ** تخضع حسابات الحزب لتدقيق الرقابة المالية في اقليم كوردستان ــ العراق و على الحزب اعلام السلطات المختصة باية مبالغ يملكها في الخارج أو ينوي جلبها من الخارج أو قبول تحويلها .

**المادة الثامنة :**

تعدل المادة السادسة عشرة و تكون كالأتي :

للحزب حل نفسه وفق احكام نظامه الداخلي و اعلام وزارة الداخلية بذلك خلال مدة أقصاها سبعة أيام أعتباراً من تأريخ أتخاذ قرار الحل .

**المادة التاسعة :**

تعدل الفقرة (١) من المادة السابعة عشرة و تكون كالأتي :

١. يجوز حل الحزب بقرار قضائي صادر من المحكمة المختصة بناءاً على دعوى تقام من قبل وزارة الداخلية عن مخالفة الحزب لحكم من أحكام هذا القانون بعد مضى ستة اشهر على تأسيس الحزب بدون ممارسة نشاطه المنصوص عليه في نظامه الداخلي أو انقطع عن ممارسة نشاطه خلال المدة أعلاه دون اسباب تبرر ذلك .

**المادة العاشرة :**

على مجلس الوزراء تنفيذ احكام هذا القانون .

**المادة الحادية عشرة :**

ينفذ هذا القانون اعتباراً من تأريخ نشره في جريدة وقائع كوردستان .

**د. رۆژ نوري شاويس**
**رئيس المجلس الوطني لكوردستان ـ العراق**

ئــــەرشيفی ڕۆژنامەی وەقايعی کوردستان
www.mojkurdistan.com

بسم الله الـرحمن الـرحيـم
بـأسـم الـشـعـب
المجلس الوطني لكوردستان ـ العراق
رقـم الأصــدار : ٨
تـأريـخ الأصــدار : ٢٠٠٢/٥/١٤

استناداً الى احكام الفقرة (١) من المادة (٥٦) و المادة (٥٣) من القانون رقم (١) لسنة ١٩٩٢ المعدل ، و بناءاً على ما عرضه العدد القانوني من أعضاء المجلس ، وما شرعه المجلس الوطني لكوردستان ـ العراق بجلسته الأعتيادية المرقمة (١٥) و المنعقدة بتأريخ ٢٠٠٢/٥/١٣ و للصلاحية المخولة لنا بموجب الفقرة (٣) من المادة الثانية من القانون رقم (١٠) لسنة ١٩٩٧ قررنا اصدار القانون الأتي :

## قـانـون رقــم ( ٨ ) لسـنـة ٢٠٠٢
## التعديل الأول لقانـون المطبـوعـات للأقليم كوردستان ـ العـراق
## رقــم ( ١٠ ) لسـنـة ١٩٩٣

**المادة الأولـى :**

**أولاً :** تعدل المادة السادسة من القانون و تقرأ كالأتي :

١. يعتبر المطبوع الدوري قائم الوجود بعد منح الأجازة و صدور اول عدد منه . واذا أرتأى صاحب الأمتياز الغاء وجوده فعليه اعلام الوزارة بذلك تحريرياً و يكون ملغياً قانوناً اعتباراً من تأريخ تسجيل طلب الألغاء لدى الوزارة .
٢. اذا لم يصدر المطبوع الدوري خلال ثلاثة اشهر اعتباراً من تأريخ منحه الأجازة تعتبر اجازته ملغية و ذلك بعد توجيه انذار اليه بذلك .
٣. يحق للأحزاب السياسية و الجمعيات و المنظمات الجماهيرية و المؤسسات العامة تبديل صاحب الأمتياز أو رئيس تحرير المطبوع الدوري الذي تصدره تلك الجهة و عليها اعلام الوزارة بذلك .
٤. يحق لصاحب الأمتياز تغيير رئيس تحرير المطبوع الدوري عند الضرورة و عليه اعلام الوزارة بذلك .

ئـــەرشيفى رۆژنامەى وەقايعى كـــــــوردستان
www.mojkurdistan.com

**المادة الثانية :**

تعدل المادة التاسعة من القانون و تقرأ كالأتي :

١. يحظر النشر في التحريض على أرتكاب الجرائم و أعمال الأرهاب و ترويج سبلها و توفير ممكناتها و القذف و الطعن و التشهير بالأشخاص و انتهاك حرمة الأديان و المذاهب و الأداب و النظام العام .

٢. يخول وزير الثقافة في الأقليم صلاحية توجيه انذار الى رئيس التحرير أو صاحب الأمتياز أو كليهما في حالة مخالفتهما لأحكام هذا القانون و على رئيس التحرير نشر الانذار في مكان بارز و في أول عدد يصدر بعد تسلمه للانذار .

**المادة الثالثة :**

تعدل المادة الحادية عشرة من القانون و تقرأ كالأتي :

١. تقام الدعاوي العامة الناشئة عن مخالفة أحكام هذا القانون من قبل الأدعاء العام بعد اعلامه من قبل الوزارة ، أما الدعاوى الناشئة عنها فتقام من قبل المتضرر .

٢. لا تسمع الدعاوي الواردة في الفقرة الأولى من هذه المادة من قبل المحاكم بعد مرور ستة اشهر على تأريخ النشر في المطبوع الدوري أو البدء بالتوزيع في المطبوع غير الدوري.

**المادة الرابعة :**

تضاف فقرة الى المادة الثانية عشرة من القانون و تكون فقرة (٣) وتقرأ كالأتي :

اذا حظر نشاط الحزب السياسي أو أغلق مقره بقرار قضائي فتسري أحكام القرار على جميع المطبوعات التي تصدرها دورية كانت أم غير دورية و تلغى اجازة صدورها .

**المادة الخامسة :**

على مجلس الوزراء تنفيذ أحكام هذا القانون .

**المادة السادسة :**

ينفذ هذا القانون من تأريخ نشره في جريدة وقائع كوردستان .

**د. رۆژ نوري شاويس**
**رئيس المجلس الوطني لكوردستان ـ العراق**

ئــەرشيفی ڕۆژنامەی وەقايعی كـــوردستان
www.mojkurdistan.com

**بسم الله الـرحمن الـرحيـم**
**بـأسـم الـشـعـب**
**المجلس الوطني لكوردستان ـ العـراق**
**رقـم القـــرار : ٤**
**تـأريـخ القـــرار : ٢٠٠٢/٥/١٣**

## " قـــرار "

استناداً لأحكام الفقرة (١) من المادة (٥٦) من القانون رقم (١) لسنة ١٩٩٢ المعدل و بنـاءاً على ما عرضه وزير الأوقاف و الشؤون الأسلامية ووافق عليه مجلس الـوزراء ، قـرر المجلـس الوطني لكوردستان ــ العراق بجلسته المنعقدة بتأريخ ٢٠٠٢/٥/١٣ اصدار القرار الأتي :

**أولاً :** يعين مشرفاً من قـام ببنـاء جـامع أو مـسجد أو تكيـة اذا كانـت الأرض الـتي تم البنـاء عليها تعـود الى حكومـة الأقلـيم ، وتتـولى وزارة الأوقـاف و الـشؤون الاسـلامية ادارة شـؤونها الماليـة و الأداريـة و تحـدد حقـوق و واجبـات المـشرف بتعليمـات يـصدرها وزيـر الأوقـاف و الشؤون الاسلامية .

**ثانيـاً :** لا يعمل بأي نص يتعارض و أحكام هذا القرار .

**ثالثـاً :** على وزير الأوقاف و الشؤون الاسلامية تنفيذ أحكام هذا القرار .

**رابعـاً :** ينفذ هذا القرار أعتباراً من تأريخ نشره في جريدة وقائع كوردستان .

**د. رۆژ نــوري شـاويـس**
**رئيـس الـمجـلـس الـوطني لكوردسـتـان ـ العـراق**

ئـــەرشيفی ڕۆژنامەی وەقايعی كـــــــوردستان
www.mojkurdistan.com